# راستی یەکانی "هەلبژاردن و دیموکراسی" ئەمریکایی لەعیراق

خەسرەو سایە



k.sava@ukonline.co.uk

پیداهەلادانی سەرانی دەولەتی ئەمریکاو ولاتانی رۆژ ئاوا، تا دەگات بەسەرۆکی حکومەتی کاتی، ئایاد عەلاوی و بارزانی وتالەبانی بەسەر سیناریۆیی هەلبژاردنەکانی عیراقدا، هیشتا ناتوانی بەر بەو راستییانە بگری که واقعیەتی کۆمەلگای عیراق و هەلسوکەوتی لایەنەبەشدارەکانی نیو ئەم سیناریۆ گالتەجاری‌یە نیشانیاندا.

ئەگەر لەشایی و لۆغانی "کوردەکانی دەرەوەی ولات" و "پیرەوانی ئیمام سیستانی" بگەریین، بەراستی ئەوە چ جۆەر هەلبژاردنیك بوو، کەهەرلەیەکەمین ساتەکانەوە دەرگای دووکان وبازارەکان بەسترا، قەدەغەی شەوانەی هاتووچو لەشارەکانی پرلەئاسایشی کوردستان بەریوەچوو!!، ئەوە چ هەلبژاردن و دیموکراسی‌یەك بوو که تادواین کاتەکان، بەشیکی زۆر لەشوینەکانی دەنگدان بەنهینی مانەوە و بۆ دەنگدەران مەعلوم نەبوو رووڵەکوی دەکەن! لەوەش خراپتر، کاندیدەکان تا ساتەکانی ئاخریش ئامادەنەبوون که ناو و ینەکانیان لەبەردەم ئەوانەی کەدەنگیان دەدا، ئاشکرابکەن. ئەوانەشی ناویان ئاشکراکردبوو بەشیکی زۆری دەنگدەران نەیان دەناسین! بەراستی ئەوە چ دەنگدان و پرۆسەیەکی دیموکراسی بوو که چاودیرانی بیانی وبیلایەن نەیان توانی بگەنە شوینەکانی دەنگدان و راستی‌یەکان گوزارشت بکەن! تەنانەت هەموو پەیوەندی‌یەکان لەوانەش تەلەفۆناتی مۆبایل، بەدنیای دەرەوە راگیرا! بەشیکی زۆر لەخەلکی شارەکانی ئەنبار، کەرکوك و دەوربەری و زۆر شوینی تر کەهیشتا بۆ بەردەم رای گشتی ئاشکرانەبووە، فرسەتیان پینەدرا دەنگبدەن! ئەمە چ جۆرە هەلبژاردن و دیموکراسی‌یەك بوو کەجەنگ و کوشتار و تەقینەوە لەماوەی تەنها 3 رۆژدا قوربانی‌یەکانی خۆی گەیاندە نزیکەی 100 کەس، جگەلە بریندارو دارمانی مال و حالیان! ئەوە چ هەلبژاردن و دیموکراسی‌یەك بوو که لەژیر سایەی حکومەتی تەواو سەربازی دا بەریوەچوو، حکومەتیکی سەربازی که نمونەکەی لەلایەن هیچ دەسەلاتیکی دیکتاتۆرەوە تائیستا پەیرەوی لینەکراوە. ئەمە چ هەلبژاردن و دیموکراسی‌یەك بوو، کەلە5.0٪ ی خەلکی ئاگاداری بەرنامە و سیاسەتی هیچ یەك لەلایەنەکانی بەشدار لە هەلبژاردندا نەبوون، بیئاگایی ئەو فاکتۆرەبوو کەدەنگدەرانی بەشیوەی عەشیرەتی و"کۆمەلانی کویر" لەبەردەم صندوقەکانی دەنگدان دانا، بەقسەی هەوالنیریکی بریتانیایی "مەرەکەبی پەنجەکان زیادەبوو" ئاخر جیاوازی نەبوو لەنیوان ئەوانەی دەنگیان دەدا وئەوانەشی ریگای فرت و فیلی دەنگدانی چەند جارەیان گرتبووەبەر!!

بەلام ئەمانە هیشتا ناتوانی هەموو راستی‌یەکانی هەلبژاردن و دیموکراسی‌یەك بخاتەروو که ئەمریکاو لایەنگرانی لەدەستەو تاقمی قەومی وئیسلامی بەسەر خەلکیدا بەریوەیان برد، بەتایبەتی کاتیك تەقسیماتی، "سوونی" ، " شیعی" ، " کورد" ، "عەرەب" ، " و....ریژەکانیان دیتە ئاراوە.

ئەمریکاو رۆژئاوا لەسەرەتای جەنگ و کیشمەکیشیان لەبەرامبەر خەلکی عیراقدا، بەتیزی تەقسیماتی قەوم و قەبیلەو مەزهەب و رەگەزەکانەوە هاتنە مەیدانەوە، ئەمە گۆشەیەك لەئایدیۆلۆژیای "دیموکراسی ئەمریکایی" بوو، چونکە هەرجەنگ و کردەوەیەکی سیاسی بەبی ئایدیۆلۆژی و تیزەکانی تەبریرکردن سەرکەوتنی مومکین نی‌یە. ئیدعای "رزگاری عیراق" لەجەوهەردا پەیامی زیندووکردنەوەی قەوم و قەبیلەو رەگەزەکانی ئیسلام بوو لەعیراقدا. کاریکی ئاوا پیویست بوو چونکە سازش و پیك هینانی دەستەو تاقمی کۆنەپەرستی ئیسلامی و قەومی و عەشیرەتی لەبەرامبەر هەویەتی هاولاتی بوون و ژیانی شاری کۆمەلگای عیراقدا، که تیایدا کریکار و مەدەنیەت و کۆمۆنیزم ریشەیەکی عەریقی هەیە، دەتوانی تەنها فاکتۆریك بیت بۆ دارشتنەوەی دەستور و سازدانەوەی دەولەت و حکومەتیکی عروبی– ئیسلامی بەسەر خەلکدا، کەپابەندە بەسیاسەت و ئیستراتیژی ئەمریکا لەرۆژهەلاتی ناوەراستدا.

ئیستا ئیتر دەبی پەنجە لەسەر ئەو خالە جەوهەری‌یە دابنری کەلەم هەلبژاردنەدا خۆی خستەروو، ئەویش ئەوەیە که بەشداری خەلك بەهەر رادەیەك و بەهەر هۆیەکەوە بووبیت، مەسەلەیەکی زۆر سەرەکی نی‌یە، بەقەد ئەوەی کەبەشداری ئەوان بەو پیوانەیە نەبوو که وەك هاولاتیانیکی عیراقی وتەنانەت کوردستانی، وەك ئەوەی لەم موحیتانەدا یەك هەویەتی هاولاتی و کۆمەلایەتی یەکسان و هاوبەشیان هەیە، بەشداری دەنگدانیان کرد بیت، بەلکو "کوردبوون" شیعەبوون" سوونی بوون" تورکمانی بوون" ،.. مەرجیك بوو بۆئەوەی خەلکی مافی دەنگدانی هەبی.

پلوراليزمی سياسی، يانی كۆكردنەوەی هەموو كەوچكەكان لەكاسەيەكدا كەهەموو لەشۆربای ديموكراسی ئەمريكايی دەخۆن، ئەمەش تائەو شوينە دەتوانی بربكات كەچاوچليسی و گيرفانپركردن و رفاندنی داهاتی كۆمەلگا بەپیی تەقسيماتيك كەدلی عەلاوی وياوەر و سيستانی، تالەبانی وبەرزانی، چەلەبی و ئەوانی‌تر لەژير سايەی مانەوەی هيزەكانی ئەمريكا لەعيراق و لەئاكامی ريكەوتنی كاتی‌يان لەگەل دەولەتانی ناوچەكە رازی دەكات.. بەلام درەنگ يان زوو ئەم هاوكيشەيە تيكدەچيت، چونكە بەجيا لە ناكوكی و ناتەبايی‌يە دەروونی‌يەكان، ئەوەخەلكە رازای نەبوون و نەويستنی ئەم بارودۆخەيان پی تەحەمول ناكری. ئەوان كاتيك ژيانی خۆيان و نيوسەدەی رابردوو لەگەل كارنامەی ئيسلام و عروبيەت و كۆنەپەرستيدا بەراورد دەكەن، بەپويست لەدەرگايەكی تر و ئايندەيەكی‌تر دەدەن، دەرگاو ئاندەيەك كەريگانادات داگيركاری ئەمريكايی و تيرۆريزمی ئيسلامی ژيانی ئەوان بەناوی ديموكراسی و هەلبژاردنەوە لەدوتويی‌ی قەوم و قەبيلەو ئايندا لەقالب بدات.

**2005/2/5**